# کەرکوکی نوێ

KERKUKÎ NWÊ

نیومانگیەکی سیاسی روناکبیری گشتیە_ مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوك (ی.ن.ك) دەریدەکات

ژمارە(١٠) دووشەممە ٢٠٠٧/١/١٥


## لە کەرکوکی نوێ وە بۆ خوێنەران

بەو هیوایەی رۆژنامەکەمان دەرگایەکی دیکەی والا بێت لەبەردەم خوێنەر و خاوەن قەڵەمەکاندا بۆ بلاوکردنەوەی نوسین و بەرهەمەکانیان، بۆ خزمەتکردنی زیاتر و ئەوەی لەبەرژەوەندی هاولاتیان و گشتیدایە، داواتان لێدەکەین بە بەرهەمەکانتان کەرکوکی نوێ دەوڵەمەند بکەن.

هاولاتیانی خۆشەویستیش ئاگادار دەکەینەوە بۆ هەر سکالا و پێشنیارێك بۆ خستنەروی کێشە و داواکانتان کەرکوکی نوێ لاپەرەکانی والایە.

### لەساڵیادی خۆپیشاندانەکەی رەحیماوا

# کەس بەرپرسیارێتی باری خراپی گەرەکەکە هەڵناگرێت

**تایبەت/ فەرهاد هەمزە محەمەد**







(٨٠٠ی مەتر بەدوانزە مانگ تەواو نەبوو، ئافەرین بۆ نوێنەرەکانمان لە پارێزگای کەرکوك)

ئەمە ئەو دروشمە بوو کە جەماوەری رەحیماوا لە ساڵیادی خۆپیشاندانەکەیاندا بەرزیان کردبۆوە، ئەو خۆپیشاندانەی چەند شەهیدو بریندارێکی لێکەوتەوە، نارەزایی دەربرینێك بوو بەرامبەر ئەو بارە خراپەی شەقامی بازارەکەیان تێیدا بوو بەجۆرێك بەهۆی کۆبونەوەی ئاوی ئاوەرۆکانەوەبواری ژیانی تێدانەمابوو.

ئاشکرایە دوای خۆپیشاندانەکە ئیدارەی کەرکوك پرۆژەیەکی ئاوەرۆو قیرتاوکردنی بۆ بازاری گەرەکە بەدرێژایی ٨٠٠ م ئەنجامدا، بەلام وا ساڵێك بەسەر ئەو پرۆژەیەدا تێپەربوو کەچی تائێستا وەزعەکە وەك خۆیەتیو خەلکەکەی تەواو بێزارونیگەران کردووە.

(کەرکوکی نوێ) بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە لێپرسراوانی شارەکەوە کردوو پرسیاری ئەوەی لێکردن تا چ رادەیەك پەیوەندییان بە وەزعەیە هەیە. سەرەتا پەیوەندیمان بە رەمەزان فارس بەرێوەبەری ئاوەرۆی کەرکوکەوە کردو پێی راگەیاندین کە کاری خۆیان تەواو کردووەو بە سەرکەوتوویی ئەنجامیان داوە، بەپێی نوسراوی ژمارە ٢١٧٤ لە ١٦/ ٨/ ٢٠٠٦ پارێزگای کەرکوکیان ئاگادار کردۆتەوە لەکۆتایی هاتنی ئاوەرۆی گەرەکی رەحیماوا، هۆی دواکەوتنەکەشی خستە ئەستۆی شارەوانی کەرکوك کە چاککردنەوەی شۆستەکانیان لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەداوە، هەروەها شارەوانیش بەوە تاوانبار دەکات کە کارەکانیان هیچ بەرنامەو نەخشەیەکی تێدا نیە دواتر پەیوەندیمان بە (جەمال شکور) بەرێوەبەری شارەوانی کەرکوکەوە کردو پێی راگەیاندین بازاری رەحیماوا لە بنەرەتدا تەنها (**اكساء**)ی بۆ دەرچوو نەك (**تبليط**)، بەهۆی دواکەوتنی کاری ئاوەرۆوەو هەڵنەگرتنەوەی پیسییەکان لەکاتی خۆیدا جادەکە تێکچووەو بەکەڵك (**اكساء**) نایەت، پێویستە (**تبليط**) بکرێت، کەئەمەش پێویستی بەجارێکی تر کەشف کردنەوەو پارە بۆتەرخانکردنە.

لەکۆتاییدا پەیوەندیمان بە(عەبدولرەحمان مستەفا) پارێزگاری کەرکوکەوە کرد، ئەویش بە(کەرکوکی نوێ)ی راگەیاند: کە کێشەی بازاری رەحیماواگوناهی پارێزگای تێدا نیەو بەردەوام بەدواداچوونمان کردووە، ئێستاش لیژنەیەکی هەڵسەنگاندنمان پێکهێناوە بۆ دەرخستنی لایەنی کەمتەرخەم، هەرکاتێك لیژنەکە لەکارەکانیان بونەوەئەنجامەکانتان پێرادەگەیەنین.

بەم چەشنە لە ئاکامی نەبوونی پرانسیپی سزاو چاودێریو بەدواداچوون لە ئیدارەی کەرکوکدا ئەم بێ سەرەو بەرەییە دروست بووەو سەرەنجام خەلکی رەحیماوای خاوەن سەدان شەهید بوونەتەقوربانی.

## لەبەر غافڵبوونی ئیدارەی کەرکوك چەندین پرۆژەی ئاوەداکردنەوە رەتکرانەوە

لەناوەراستی مانگی رابردوودا وەفدێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك سەردانی شاری بەغدای کردو لەوێدا لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی گەورەی وەزارەتەکان کۆبونەوە، دوای هەفتەیەك مانەوە، گەرانەوە کەرکوك و راپۆرتێکیان سەبارەت بەو سەردانەیان نووسیبو، لەو راپۆرتەدا کە کۆپیەکی دەست(کەرکوکی نوێ) کەوتوە، راستییەك ئاشکرابووە، ئەویش ئەوەیە لەو کاتەی چوونە سەردانی وەزارەتی نیشتەجێکردن(وزارە الاسكان) یان کردووە تێبینییان کردووە لەو وەزارەتە ژمارەیەك پرۆژە بۆ شاری کەرکوك دیاریکراوە، بەلام وەزیری نیشتەجێکردن کە ئەو ساکە، (جاسم محەمەد) کە بەرەگەز تورکمانە، بێئەوەی بەئیدارەی کەرکوك رابگەیەنێت پرۆژەکانی تەنها لە وەزارەت ئیعلان کردووە، دوای ماوەیەکی کورتیش کە هیچ بەڵێندەرێك وەرینەگرتووە ئەوسا وەزیری ناوبراو هەمووی رەتکردۆتەوە بە بیانووی نەبوونی ئاسایش لە شارەکە، پرۆژەکانیش ئەمانەن:

١.چاککردنی رێگای گوندەکان بەدرێژایی ٣٠کم بە بری ٤,٥ ملیار دینار.


٢.چاککردنەوە(صيانة) بە بری ١,٥ ملیار دینار.

٣.یەکتربری(تقاطع) جادەی بەغدا نزیك ناوچەی پیشەسازی بە بری ١ ملیار دینار.

٤.دروستکردنەوەی گوندی بەشیر بری ٤٣ ملیار دینار.

چاودێران پێیان وایە ئەمە دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی بەدواداچونو چاودێریکردن لە بەغدا.

## بەرێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور: حالی حازر هیچ دامەزراندنێك لە کۆمپانیاکەماندا نیە



ماوەیەکە لەناو شاری کەرکوك دەنگۆی دامەزراندن لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوك بلاوەو رۆژانە خەلکێکی زۆر روو دەکەنە ئەو کۆمپانیایەو داوای خۆیان پێشکەش دەکەن، بەگوێرەی دوا ئامار ژمارەی داواکان گەیشتووەتە نۆ هەزار داوا.

(کەرکوکی نوێ) بۆ راستیو دروستی ئەم پروپاگەندەیە سەردانی (شێخ مناع عەبدوللا العبیدی) بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی باکوور بە وەکالەت کردو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازکرد. شێخ مناع لەوەلامی پرسیارێکدا سەبارەت بە رادەی راستی ئەو قسانەی باس لە دامەزراندن دەکەن، وتی: " ئەو پروپاگەندانە لە راستییەوە دوورنو هیچ بناغەیەکیان نیە، بەلکو خەلك بەهەڵە تەفسیری نوسراوێکی وەزارەتیان کردوە، هەر کاتێك دامەزراندنمان هەبێت ئاشکرای دەکەین، ئێستاش هیچ نیازێکی لەو جۆرەمان نیە.

تەواوی چاوپێکەوتنەکە لە ژمارەی داهاتوودا بخوێننە.

## لە لقی کەرکوکی( شرکە الحفر العراقیە )دا لە ٤٨ کەسی دامەزرێنراو تەنها پێنجیان کوردن

سەرچاوەیەکی تایبەت لە لقی کەرکوکی (شرکە الحفر العراقیە)ی بە(کەرکوکی نوێ)ی راگەیاند: بەپێی نوسراوی ژمارە ٢٠٢٢١ لە ٢٠٠٦/١٢/٤ وەزارەتی نەوت ٤٨ کەس لە لقی کەرکوکی ئەو کۆمپانیایە دامەزرێنراون کە تەنها پێنجیان کوردنو زۆربەیان عەرەبن.سەرچاوەکە وتیشی (یاوز عەلی) بەرێوەبەری لقی کەرکوکی کۆمپانیاکە خۆی پێشتر ئەم ناوانەی بۆ وەزارەت بەرزکردووەتەوە بەو بیانووەی ئەمانە ماوەی پێنج ساڵە بەشێوەی کاتیی کاردەکەنو ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەی هەمیشەیی دابمەزرێن.روونیشی کردەوە ئەم تازە دامەزراوانە هیچ کامێکیان پێنج ساڵی خزمەتی کاتی نییەو تەنها بیانوویەکە بۆ شاردنەوەی کارە نایاساییەکە.جێی باسە پێش چەند مانگێك وەزارەت لە نوسراوێکیدا داوای لە کۆمپانیاکانی سەربە وەزارەتەکەی کردبوو ناوی ئەو کەسانە بەرز بکەنەوە کە پێنج ساڵیان خزمەتی کاتی (وقتی) هەیە.شایانی وتنە ئەم بریارە خۆی لە خۆیدا ناعادیلانەیە، چونکە بەهیچ چەشنێك کرێکاری کورد ناگرێتەوە، چونکە کەسیان پێنج ساڵ خزمەتی کاتی نییە.

## لەساڵی پاردا لەکەرکوك نزیکەی ١٥٠ کەس داوای مۆڵەتی کردنەوەی بەنزینخانەیان پێشکەش کردووە

سەرچاوەیەك لە بەرێوەبەرایەتی ژینگەی کەرکوکەوە بە(کەرکوکی نوێ)ی راگەیاند لەماوەی ساڵی ٢٠٠٦ خەلکێکی زۆر روویان لە بەرێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتیەکان کردووەو داواکاری خۆیان پێشکەش کردووە بۆ کردنەوەی بەنزینخانەی ئەهلی، ئەو بەرێوەبەرایەتیەش لە رێگەی خۆیەوە ئەو داواکاریانەی ئیحالەی بەرێوەبەرایەتی ژینگە کردووە بۆ دیاریکردنی رادەی گونجانی شوێنی بەنزینخانەکان. وتیشی دوا ئامار دەرکەوتووە نزیکەی ١٥٠ کەس ئەو داواکاریانەیان پێشکەشکردووە، پاشان رەوانەی وەزارەتی نەوت لە بەغدا کراون. روونیشی کردەوە لەکۆی هەموو ئەو داواکارییانە تەنها شەشیان گەراوەتەوەو ئەوانی تر تائێستا هیچ وەلامێکیان نییە.

شایانی باسە بەهۆی قەیرانی سووتەمەنییەوەو ئەو قازانجە زۆرەی لێی دەستکەوێت زۆر کەس روویان لەم چەشنە کارە کردووە.

# جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ زامنی ئاشتی و برایەتیە

## سەروتار

### سەرووەریمان، گەشەکردنمان، مانەوەمان، بەندە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە
### ( هەڤاڵ مام جەلال )

لەبرگەی(٩)ی پەیرەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) کە لە کۆنگرە پەسەندکراو، ئاماژە بەوە دەکات کە: (کۆبونەوەی فراوان(پلینۆم) دەبەسترێت لەکاتی روودانی رووداوێکی گرنگو چاوەروانەکراودا، وە لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی بەرپرس یاخود لەسەر داوای ٢/٣ی ئەندامانی سەرکردایەتی یان لەسەر داوای سکرتێری گشتی. وە بەبەشداربونی ئەندامانی سەرکردایەتیو یەدەگەکانو ئەندامانی مەکتەبەکانو ئەندامانی مەڵبەندەکان، سەرجەم دەسەلاتەکانی کۆنگرەی هەیە تەنها گۆرینی پرۆگرامو پێرەوی ناوخۆو سکرتێری گشتیو گۆرینی پتر لە ١/٣ی ئەندامانی سەرکردایەتی نەبێ).

بۆیە ئێستا لەم هەلو مەرجە نوێیەو پر رووداوی کتوپر لە ٢٠٠٧/١/٧ بۆ ٢٠٠٧/١/٨ پلنیۆمی (ی.ن.ك) بەسترا. بەئامادەبوونی سکرتێری گشتیو (م.س) ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیو مەکتەبەکانو مەڵبەندەکان، چوار لیژنە پێکهێنرا (لیژنەی تاوتوێکردنی راپۆرت، لیژنەی هەڵبژاردن، لیژنەی سکالا ، لیژنەی راگەیاندنی کۆتایی پلینۆم)لەیەکەم رۆژدا بەرێز سکرتێری گشتی راپۆرتێکی چروپری خوێندنەوە کە سەرجەم بوارە سیاسیو رێکخراوەییو دیبلۆماسیو کۆمەلایەتیو حکومەتیو خزمەتگوزاری لەخۆگرتبو ،وەپاش هەڵسەنگاندنی بەتێکرای دەنگ، راپۆرتی سکرتێری گشتی لەلایەن ئەندامانی پلنیۆم پەسەند کراو بووە بەرنامەی کاری داهاتووی (ی.ن.ك) تا کۆنگرەی داهاتوو کە بریارە پێش کۆتایی ئەمساڵ ببەسترێت.لەرۆژی دووەمی پلینۆم مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی تاوتوێکراو بەتێکرای دەنگ بریاریدا کە تەنها بۆشاییەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەلایەن یەدەگەکانەوە پربکرێتەوەو هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت تا کۆنگرەی داهاتوو. وەلە گۆشەیەکی تردا مەسەلەی مەلەفەکان تاوتوێکراو بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پلنیۆم ئەوکەسانە لێبوردنیان بەدەستهێنا.پاشان گفتوگۆ لەسەر لیژنەی سکالاو لیژنەی راگەیاندنی کۆتایی پلنیۆم کراو هەڤاڵ مام جەلال وتاری کۆتایی پێشکەش کرد کە تێیدا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە یەکێتی ناو یەکێتی بپارێزێتو ئاماژەی بەوە کرد کە خۆشەویستی (ی.ن.ك) لەم قۆناغەدا لەوەدایە کە گەندەڵی نەهێڵین و بەگژیدا بچینەوەو چاکسازیو پاکسازی ئەنجامبدەینو دیاردەی دەستەگەری نەهێڵینو تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەرجەم بەرپرسیارانو هەڤاڵانی (ی.ن.ك) ئەرکی جێبەجێکردنی راسپاردەکانی پلنیۆم بگرنە ئەستۆو وەفاداری بنوێنن بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدانو کەسوکارە سەربەرزەکانیانو هەولی جدی بدرێت بۆ گەرانەوەی ئەو ناوچانەی کە دابراون لە سنوری حکومەتی هەرێمی کوردستانو سلاوی گەرمی بۆ هاولاتیانی ئەو ناوچانە ئاراستە کردو تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە پاش دوو رۆژی دوای کۆتایی پلنیۆن کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبونەوەی خۆی ئەنجامبدات. دواتر بەسرودی مەشخەلان پلینۆم کۆتایی هات.

سەرنووسەر